

# هەگبەی بەهمەن قوبادی چی بۆ سینەماکارانی کورد تێدایە؟



پشتیوان عەبدوڵڵا



یەکەمجار وەك دەرهێنەر و سینەما کارێکی دیار بەهمەن قوبادیم لە فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) ناسی دواتر لە هەردوو فیلمی (ئازارەکانی وڵاتی دایکم) و (کیسەڵەکان دەفڕن) بوومە دژە راو بۆچوونی لە فیلمی (نیوەی مانگ) یش خۆشم ویست، بەهمەن قوبادی ئەستێرەیەکی دیاری پانتایی سینەمای کوردییە و ناوێکی هەرە دیار و درەوشاوەی ئەو بوارە گرنگەیە، پاش ماوەیەك سەرقاڵیی و دوورکەوتنەوە لە کوردستان و وڵات ئێستا گەڕاوەتەوە هەولێر بەمەبەستی مانەوە بۆ چەند ساڵێك، هاتنەوەی لەهێکرا و بەپەلەی بەهمەن قوبادی بە هەگبەیەکی تازەوە بۆ سینەماکاران و سینەمای کوردی گرنگی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێ بشزانین هاتنەوەکەی چ ئاراستە و مەبەستێکی هەیە و هەگبە تازەکەشی چی بۆ سینەمای کورد تێدایە؟ هاتنەوەی بەهمەنی قوبادی بەو (پەلەییە) لە کاتێکدا بوو کە هونەرمەندی سینەماکاری کورد (شەهرام عەلیدی) لە کوردستاندا بە نیازی چەند پرۆژەیەك بوو! لەبەر ئەوەی جۆرێك لە رکابەری هونەری لە نێوان بەهمەن و شەهرام هەیە، کە هەر چەندە، مێژووی پڕ سەروەری هونەری بەهمەن جیاوازترە لە مێژووی هونەری شەهرام و ناکرێ بەراورد بکرێن، بەڵام هاتنەوەی بەهمەن بە پلە یەك بۆ دووبارە دەرکەوتنەوەی ئەستێرەی سینەمایی خۆی بوو لە کوردستان ئیتر بە هەوڵدان بۆ پشتگیری گەنجان و لاوانی تامەزرۆ بەکاری سینەمایی (بەهمەن قوبادی) هەگبەکەی پڕ دەکات کە لە بنەرەتدا (٣) سێ پرۆژەی هونەری تیادایە:

یەکەمیان: زەمینە سازکردن بۆ (بەتین قوبادی)ی دەرهێنەری برای بۆ دەرهێنانی فیلمێکی سینەمایی درێژ پاش ئەوەی (بەتین) سەرکەوتنێکی گەورەی لە کورتە فیلمی خۆی (لەبا بپرسە) بە دەست هێنا.

دووەمیان: پیشاندانی دوا فیلمی خۆی بەناوی (وەرزی کەرکەدەن) و میوانداری کردنی خانمە هونەرمەند (مۆنیکا بیلۆتشی) بۆ هەولێر و کوردستان کە ئەمەشیان ریکلامێکی گەورە دەبێت بۆ هونەرمەند (بەهمەن قوبادی). لەگەڵ سازکردنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی سینەمایی کە رەنگە فیستیڤاڵی (ترابیکا)ی نێودەوڵەتی بێت کە هونەرمەندی سینەماکاری جیهانی (رۆبەرت دی نیرۆ) سەرپەرشتی و کارگێڕی دەکات، هەڵبەتە ئەم فیستیڤاڵە تەنیا بەگرێبەستێك و بڕە پارەیەکی دیاری کراو کە (رەنگە زۆربێت) ساز دەکرێت و سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵ خۆیان هەموو شتێك ئامادە دەکەن پێویست بە هیچ ناکرێ تەنیا ئەوانەی داوای فیستیڤاڵەکەیان کردووە، لە شارەکە یان وڵاتەکەیان ساز بکرێت وەك میوانێك دێنە فیستیڤاڵەکەو، واتە دێنە سەر حازری و هەموو شتێك پێرفێکتە. زۆریش گرنگە ئەو فیستیڤاڵەی (ترابیکا) لە هەولێر و کوردستان سازبکرێت و پێشتر سینەما ئارامی کورد هەوڵی بۆ دراوە چونکە سیمایەکی دی و کورد و سینەما کوردی (کە بەشدار دەبێت) دەبەخشێت. سێیەم شت کە (بەهمەن) بیر لێ دەکاتەوە دامەزراندنی دەزگایەکی سینەمایە لە کوردستان، دەزگایەك کە سەرپەرشتی سینەما و بەرهەم هێنانی سینەما بکات لە کوردستان، بەڵام تا ئێستا راوێژی بەهیچ سینەماکارێك نەکردووە بۆ ئەم مەسەلەیە تەنیا ئەوانەی دەورووبەری نەبێت و کاریشی بۆ ئەم مەسەلەی کردووە. هەڵبەتە زۆر گرنگە سینەما ببێتە دەزگایەکی گەورەی هونەری، بەڵام لەبەر ئەوەی سینەما کارێکی هونەری هەرەوەزیە و پێویستی بە بەشداری هەمەلایەن هەیە پێویستە راوێژ لەگەڵ سینەماکاران و رۆشنبیرانی بوارەکە بکرێت بەتایبەتیش هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای شارەکان (هەولێر- سلێمانی- دهۆك) چونکە هەمو ئامانجەکان چ لە کۆتاییدا بۆ خزمەتی رەوتی سینەمای کوردی و بواری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییە لە کوردستان، ئەو سەردەم و قۆناغەش بەسەرچوو هەر کەسە و بۆ خۆی ئیش بکات. بۆیە تاکە چارەی سەرکەوتنی سینەمای کوردی راوێژکردنی سینەماکارانی کوردە لە نێو خۆیاندا..



# سەعدون یونس: کەونە دەرکە تەنیا مۆنتاژی ماوە

ماوەیەك بوو هونەرمەندی ناودار سەعدون یونس خەریکی بەرهەمهێنانی بەشی دووەمی زنجیرە درامای (کەونە دەرکە) بوو کە بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، بەشی یەکەمی ئەم زنجیرەیە بەر لە ٢٠ ساڵ زیاتر لە هەولێر بەرهەم هاتووە و تا ئێستاش وەك کارێکی هونەریی بەرز لە هزری بینەری کوردیدا ماوە، لە بارەی کارەکانی (کەونە دەرکە) هونەرمەند بە گوڵانی راگەیاند کە چەند مانگێك پێش ئێستا وێنەگرتنی کەونە دەرکە تەواو بووە و ماوەیەکیشە دەست بە مۆنتاژ کردنی کراوە، مۆنتاژیش گەیشتۆتە قۆناغە کۆتاییەکانی و بەم زووانە تەواو دەبێت و پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت.

هەر سەبارەت بە کەونە دەرکە سەعدون یونس گوتی: ژمارەی کاراکتەرەکان بە گشتی ٢٠ دەبن و من خۆیشم ڕۆڵم دەبێت لەم بەشەدا چیرۆکەکە زیاتر گێڕانەوەی واقعی ئێستای شارەکەیە کە لەگەڵ گەورە بوون و ئەو گۆڕانکاریانەدا بگونجێت کە لە شارەکەدا روویانداوە لە ماوەی ٢٠ساڵی رابردوودا، بۆیە( کەونە دەرکە) بەرجەستە کردنی واقعی ئێستای شاری هەولێر و دانیشتوانەکەی و نیشاندانی ئەو پێشکەوتنەیە کە شار بەخۆیەوە بینیوە لەگەڵ داخوازی و پێداویستییەکانی خەڵك.

## ئالان عومەر:

# چەند بەرهەمێکم ئامادەیە، بەڵام لە جێبەجێکردنیان دڵنیا نیم



**ئالان عومەری گۆرانیبێژ کە ئێستا لە وڵاتی سویدە، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەربارەی نوێترین کاری هونەری خۆی لە ساڵی ٢٠١٣ دەڵێ:**

بۆ ساڵی نویێ چەند بەرهەمێکم ئامادەیە، بەڵام دڵنیانیم تا چەند هەموو بەرهەمەکانم دەچنە واری جێبەجێکردنەوە، دیارە ئامادەکاری لەرووی هونەرییەوە ئەرکی خۆمە کە چۆن بەدوای ئاوازێکی شیاو یان تێکستێکی شیاودا گەڕاوم، بەڵام بەرهەمهێنان زۆرکات سەروتر لەتوانای هونەرمەندە، بۆیە لەوبارەوە ئەگەر کارەکان وەک ئەوەی خۆم دەمەوێ بچنە پێش، بێگومان چەند بەرهەمێکی نوێم ئامادە دەبێت و بڵاودەکرێتەوە، لایەنێکی تریش ئەوەیە کە من وای دەبینم هونەرمەند دوای ئەوەی ئەزموونێکی باشی وەرگرت لە چۆنیەتی کارکردن، دەبێت ئەو ئەزموونە بەکاری نوێیەوە دیار بێت، منیش لەهەوڵی ئەوەدام، بۆیە رەنگە دواکەوتن روویدابێت لەکارەکانمان.

سەبارەت بە ئاواتەکانی بۆ ساڵی نویێ، ئالان عومەر دەڵێ: بۆ ساڵی نویێ ئاواتم ئاشتی و رزگار بوونی کوردە لەدڵەراوکێی جەنگ، من بیرم نایەت لەکەیەوە کورد لە دڵەراوکێی سەرهەڵدانی جەنگدایە، بەهۆی میللەتەکانی دەورووبەری، بێگومان ئەمە وردودرشتتریشە لە بیروەرییەکانی باووباپیرانیشمان، ئاخر ئەم هەموو تەمەنە میللەتێک لەدڵەڕاوکێدا بژی، چۆن ماندوو نابێت؟ چۆن شەکەت نابیێ؟، چۆن نارەحەت و نا ئارام نابێت؟

بێگومان نائارام دەبێت و ئەوەش کاردانەوەی بەسەر تەعامولی رۆژانەی ئەو میللەتەوە دەبێت، ماوەیەک خەریک بوو هەستمان بەدڵنیایی دەکرد وەکو باشوری کوردستان، بەڵام دیسان تەوقی کەرکوک کرایەوە بەهێزێک کە نە خەڵکی ئەو شارەن و نە لەخەمی خەڵکی ئەو شارە تێدەگەن.

ئالان عومەر هەروەها دەڵێ: لەگەڵ ئەو دڵەڕاوکێی خەڵکی وڵاتەکەم، منیش دڵەڕاوکێم هەیە، لەگەڵ ترس و نیگەرانی خەڵکی کەرکوک منیش ترس و نیگەرانیم هەیە، لەگەڵ تورەبوونی ئەوانیش لەو سوپا و هێزە بێگانەی دەیەوێ بێتە سەر شارەکەیان منیش تورەم، بەقەد ماندووبوون و شەونخونی ئەو پێشمەرگانەش کە چوون بۆ پاراستنی کەرکوک، وەفاو سڵاوم هەیە بۆ پێشمەرگە، وەک کوردێکی دوورە وڵات، هەست دەکەم ئەوان لەوێن بۆ ئەوەی بەشێک لە رۆحی من بپارێزن کە کەرکوکە، سوپاس بۆ دڵسۆزیان و نیشتیمانپەروەریان، بەهیوام ئەم ساڵ ساڵی کۆتاهاتنی ئەم هەموو دڵەڕاوکێ و ترس و خەم و ناخۆشی و نا ئاراميیە بێت، ساڵی ئاشتی بێت، ساڵی کۆتاهاتنی ئینکاریکردن بێت لەمافی میللەتەکەم، لەهەموو بەشەکانی کوردستان.

## مەیادە: ئەساڵە خۆی ب

خانمە گۆرانیبیژی سوری مەیادە ئەلحەناوی رازی نییە باس لە ناوەڕۆکی ناکۆکیی نێوان خۆی و ئەسالە نەسری بکات و دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك نامەوێ هەر ناوی بهێنم، چونکە شایەنی ئەوە نییە.
مەیادە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: من پێموابوو کە ئەسالە سورییە، بەڵام ئێستا بەو شێوەیە بیر ناکەمەوە، چونکە ئەو کەسەی خیانەت لە وڵاتی خۆی بکات، نابێ بە هیچ شێوەیەك لێی ببوورم تەنانەت شایەنی



## پارێزەرێکی میسری: هەیفا لە هەموو ژیانیدا فاشیلە

نەبیە ئەلوەحش کە پارێزەرێکی میسری ناودارە و بەوە ناسراوە کە هەمیشە هێرش دەکاتە سەر ئەکتەر و گۆرانیبێژە عەرەبەکان بەتایبەتی هەیفا وەهبی، بەردەوامە لە هێرش کردنە سەر هەیفا.
لە دواییین لێدوانیدا و دوای ئەوەی هەیفا رایگەیاند کە سکاڵا دژی محەمەد عەبدلعالی بێژەری کەناڵی (الناس) بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە بەوەی کە لە بەرنامەی (م الاخر) جنێو و قسەی ناشیرینی پێگوتووە و بە لەش فرۆش وەسفی کردووە، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەلوەحش بە هەیفا دەڵێت: تۆ ئافرەتێکی فاشیلی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، چۆن لە دایکایەتی و ژیانی هاوسەرێتیدا سەرکەوتوو نەبوویت، بەمشێوەیە لە هونەریشدا سەرکەوتوو نابیت، ئەلوەحش لە هێرشەکەی بۆ سەر هەیفا بەردەوامە و دەڵێت: بەڵگەم بۆ ئەم قسانە کچەکەی خۆتە، چونکە بە ئاشکرا پێی گوتی ئەگەر واز لە سەما کردن و خۆ رووت کردنەوە نەهێنیت من بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم تۆ بە دایکی خۆم بزانم و بە کچی تۆ بناسرێم.

## ــــــه ئوم کەلسوم دەزانی



ئەوە نییە بڵێم خەڵکی وڵاتی منیشە.

مەیادە لــە چوارچێوەی بەرنامەی ( بعدنا مع رابعە) کە خانمە ڕاگەیاندنکار ڕابیعە زەیات لە کەناڵی (الجدید) پێشکەشی دەکات ئامــاژەی بەوە کرد کە ئەســاڵە ئافرەتکی لەخۆباییە و خۆی زۆر پێ لە ئوم کەلسوم گەورەترە و ڕووی لە ئەساڵە کرد و پێی گوت: پەتــای خۆبەزلزانین گۆڕســتانی هونەرمەندانە، تۆ هاوڕێی من نیت تا لەگەڵم ئاشــت بیتەوە، ڕاســتە من دڵم پاکە، بەڵام ئەویش سنووری هەیە.


## ئیما بە ڕووخساری خۆی خۆشحاڵە

کچــە ئەکتــەری بەریتانــی ئیما واتسۆن بەوە ناسراوە کە سەروسیمایەکی منداڵانی هەیە و خۆشــحاڵی خۆی دەبڕی کــە لــە فڕۆکەخانەی لۆس ئەنجلــۆس ڕێگایان پێنەدا ســواری فڕۆکە بێــت و پێیــان ڕاگەیاند بوو کــە تەمەنی ڕێگای پێنادات بە تەنیا گەشت بکات.

گۆڤــاری (کلۆزیر)ی فەرەنســی لــەم بارەیەوە ڕایگەیانــد کە ئیما ئەو زانیاریانەی پشــت ڕاســت کردۆتەوە گوایە پۆلیســی فڕۆکەخانەی لۆس ئەنجلــۆس پێیانوابووە نەگەیشــتۆتە تەمەنی یاســایی بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەنیا گەشــت بکات و پێویســتە کەســێکی لەگەڵــدا بێــت، چونکە دڵنیا نەبوون لە ســاڵی لە دایکبوونی کە لەســەر پاســپۆرتەکەی نووسراوە، گۆڤارەکــە زیاتر دەڵێــت: ئیما زۆر خۆشــحاڵ بوو کاتێــك فەرمانبەرەکە پێی گوتبوو تۆ هێشتا منداڵی و بۆت نییە گەشــت بکەی ئەمەش مانای ئەوەیە کە هێشــتا ڕووخساری زۆر لە منداڵان دەچێــت و بە تەمەن بچووك دێتــە بەرچاو، بەڵام ئەم خۆشــییەی ئیما زۆری نەخایەنــد، چونکە بۆی دەرکەوت زۆر کەس نایناسن لە کاتێکدا ئەو پێیوایە کە یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە ناودارەکانی جیهان.

## سیرینیش لە شوفێران بێزارە

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی سیرین عەبدلنور بێزاری وسەرسامیی خۆی لەشێوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەلایەن چەند گەنجێکەوە دەربڕی و بە سەرشێتانە و گوێ نەدانە گیانی خۆیان و کەسانی دیکەی وەسف کردن. سیرین لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر دەڵێت: ئەوانەی بەو شێوەیە ئۆتۆمبیل لێدەخوڕن لە مردن ناترسن و گیانی خۆیان و کەسانی دیکەیشیان لە لا گرنگ نییە و بیر لەوە ناکەنەوە کە ڕێگای گشتی موڵکی هەموو کەسێکە، سیرین زیاتر دەڵێت: پێم سەیرە بۆچی ئەم کەسانە بەو شێوەیە ئۆتۆمبیلەکانیان لێدەخوڕن و بیر لە هیچ شتێك ناکەنەوە.








## حەسەن عەلی:

# شیرین سەرەتای سەرهەڵدانی شەپۆلێکی تره لە سینەمای کوردی

دیمانە/ خەلیل بابە کەریم

هونەرمەند حەسەن عەلی هەر لە سەرەتایی گەنجێتی، خۆی خزاندۆتە گۆڕەپانی هونەر بە حەماسەتێکی زۆر، چونکە هەر خودی خۆی لە خێزانێکی هونەری پەروەردە بووە، هونەرمەند حەسەن عەلی ساڵی ١٩٨٨ لە تیپی لاوانی قەڵا لە چەندین شانۆگەرییەك بەشداری کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند حەسەن جودی بوو، یەکەم کاری سینەمایی کە خۆی ئەنجامیدا (گەڕەکی داهۆڵەکان) بوو لە نووسینی ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن و دەرهێنان خۆی، دووەم کاری سینەمایی فیلمی (شیرین) بوو لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆی، ئەم فیلمە لە کوردستان و پاریس گیراوە کە هەردوو وێنەگر دیڤیدی فەرەنسی و تەرەڤان بابۆی هندی بە کاری وێنەگرتن هەڵسان، سەرەتا فیلمی (شیرین) لە سلێمانی بۆ زیاتر لە دوو مانگ لە سلێمانی و دواتر لە ٢٠١٢/١٢/٢١ لە هەولێر نمایش کرا و تاکو ئێستا جەماوەری شاری هەولێر بەتایبەتی خێزانەکان روو لە سینەمای کریستاڵ دەکەن بۆبینینی، هونەرمەند حەسەن عەلی بەم کارەی سینەما کریستاڵی زیندووکردەوە و هەولێرییەکانی شاد و ئاشت کردەوە لەگەڵ سینەما، لەبەر ئەم هەنگاوە پیرۆزەی کاك حەسەن کە خەڵکی هەولێر دەمێك بوو تامەزرۆی سینەما بوون بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.

*** هەندێـــك دەڵێن موغامەرە بوو هەندێکیتـــر دەڵێن بوێری بوو لە بیرۆکەی نمایشکردنی فیملی (شیرین) لە سلێمانی و دواتر لە هەولێر و گەرمیان تۆچۆنی لێکدەدەیەوە ؟**

- ئەو کەســـەی کە کاری سینەما دەکات دەبێ کەسێکی بوێربێت، چونکە ســـینەما کارێکی سەختە ئەگەر بوێر نەبی سەرکەوتوو نابی، دەربارەی فیلمی (شیرین) کە دەڵێن موغامەرەیە بەلای منەوە شتێکی ترە، ئەویش ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی شـــەپۆلێکی ترە لە سینەمای کوردی، دوای ئەوەی ســـینەمای کوردی لە فیلمی ئارت و فیلمی فیســـتیڤاڵی دەســـتی پێکرد، ئێستاش فیلمی شـــیرین سەرقافلەی شەپۆلی مارکیتنگ واتا بۆ بینەری ناوەخۆ دەکرێت.

***لەبەرچی دەســـتپێکی نمایشکردنی فیلمی (شیرین) لە سلێمانی بوو لە هەولێری پایتەخت نەبوو ؟!**

- باشـــترین بینەری شـــانۆ، ســـینەما ، کۆنســـێرت، پێشانگای شـــێوەکاری، کـــۆڕی شـــیعر و ئـــەدەب و لـــە خوێندنەوەی کتێـــب لە ســـلێمانییە، ئەگەر جەمـــاوەری ســـلێمانی ڕووت تێکبـــات ئـــەوا هونەرەکـــەت پێشدەکەوێ و ســـەردەکەوێ، لەبەرئەوەی دروستکردنی فیلم و نمایشـــکردنی خەرجی دەوێ دەبێ هـــەر زوو هاوســـەنگی مـــاددی و مەعنـــەوی پەیدا بکەی، هەتـــا بتوانی بەردەوام بی، لـــە پایتەخت زەمینەت بۆ نارەخسێ تاکو بتوانی هونەر و سینەما پێش بخەی.

*** ســـینەما هونـــەر و پیشەســـازی و بازرگانییـــە، دەکـــرێ ئێمە تەنیا پشـــت بە بازاڕەکانی خۆمان ببەستین، یا پێویستیمان بە بازاڕی دەرەوەش هەیە ؟**

- کـــە دەڵێن ســـینەما واتە بەرهـــەم هێنانـــی فیلـــم بە بەردەوامـــی، کردنەوەی هۆڵی ســـینەمای پێشـــکەوتوو بـــە بەردەوامی کە نمایشـــی تێدا بکرێـــت، هەروەهـــا هاتنی بینەر بۆ ناو هۆڵی ســـینەما بە بەردەوام بوونی ئەم ســـێ بەشە ئەوسا دەتوانین بڵێین سینەمامان هەیە، ئەوسا مارکتینگی ناوخۆ، دروســـت دەبێ و لەوێشـــەوە وردە وردە فیلمەکان هەنگاو دەنێن بەرەو مارکتینگی جیهانی.

*** زۆر کەس دەپرســـن ئایا لە هەولێر ئەکتـــەر نەبوو بۆیە هاناتان بردۆتە بەر ئەکتەرەکانی سلێمانی؟**

- لە چیرۆکی فیلمی (شیرین) دەبووایە لۆکەیشن و کەسەکانی لە پاریس و ســـلێمانی ولادێکانی هەورامان بژین، بۆیە هەر لەم ناوەندە ئەکتـــەرم هەڵبژارد و هیـــچ هۆیەکی تر نەبوو، بـــۆ نموونە فیلمی داهاتووم سروشـــتی چیرۆکەکە وا دەخوازێ کە ئەکتەرانی هەولێر و سلێمانی بەیەکەوە نواندن بکەن.

*** بینەری ســـینەما لە کوردســـتان چۆن دەبینی ؟ ئایا بینەرمان هەیە؟**

- جـــۆری بینەر لە وڵاتێـــك تا وڵاتێکی تر جیـــاوازە، بۆ نموونە بینەری ســـینەما لە ئەمەریکا یا ئەوروپا زۆر وریایە زۆرباش زمانی سینەما دەناسی ئەگەر بڵێم بە قەد یەك دەرهێنەر شێوازی سینەما و ستایلەکان دەناسێ، لە ئاسیا جۆرە بینەرێکی تر، لە وڵاتە عەرەبیەکان جۆرە بینەری ترهەیە، بینەری کوردســـتان دەبنە چەند بەشێك لەسەدا شەســـتی حەزی لە فیلمی کۆمیدییە لەسەدا سی حەزی لە فیلمی رۆمانسییە لەسەدا دەی حەزی لە فیلمی ئەکشنە.

*** چیبکرێ بۆ ئەوەی سینەمای کوردی پێشبکەوێ؟**

- پێویستە نووسەر و دەرهێنەرەکان هان بدرێن بۆ دروستکردنی فیلم بۆ بینەری خۆمان و هاندانی بینەران کە بێن بۆ سەیرکردنی فیلم لە سینەما، بە بڕوای من ئەوسا دەچینە قۆناغێکی تر.

*** لە فیلمی(شیرین) چ لایەنێك هاوکارت بوو؟**

- بـــۆ دروســـتکردنی فیلمـــی شـــیرین وەزارەتی رۆشـــنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر دەرخســـتەیان بۆ فەراهەمکردم، بـــەڵام نمایشـــکردنی فیلمی لە ئەســـتۆی خۆم بـــوو، لە چەند شوێنێك پارەیەکی زۆرم قەرز کرد دواتر لە داهاتی فیلمەکە دامەوە، بۆ ریکلامکردنـــی ئەم فیلمەش چەنـــد تەلەفزیۆنێك هـــاوکارم بوون لەوانـــە (زاگرۆس، گەلی کوردستان،NRT ،KNN ) زۆر سوپاسیان دەکەم هەروەها سیروان غەریب بەرپرسی راگەیاندن بوو.



*** لەبەرچـــی ســـینەمای کریستاڵت کردەوە ؟**

- لەبـــەر ئـــەوەی بەدرێژایی بیســـت ســـاڵ حکومەتێکـــی دەوڵەمەنـــدی وەك حکومەتـــی کوردســـتان نەیتوانـــی هۆڵێکی سینەما بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەش کە هەموو لایەك دەزانێ سینەما چەند پێویســـتە، هەزار وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکرایەوە، چەندیـــن بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە کەناڵە جۆراجۆرەکان پێشکەش کران کە چۆن دەبێ پایتەخت بێ ســـینەمابێ، بۆیە ئێستا هەستم بە لێپرســـینەوەیەکی گەورە کرد و ئەو ئەرکەم خستە ئەستۆی خۆمەوە، هیـــوادارم هەموولایەك بەتایبەتـــی بینەران هاوکارم بـــن، هەر بەم بۆنەوەیەوە سوپاسی بەڕێز پارێزگاری هەولێر دەکەم کە موەلیدەیەکی کارەبای گەورەی بۆمان تەرخان کرد.

*** ئایا نیازت وایە تەنیـــا فیلمە کوردییەکان نمایش بکەیت یاخود هەموو جۆرە فیلمێکی عەرەبی، هندی ، بیانی؟**

- بەڵێ ســـینەما کریستالم بۆ فیلمە کوردییەکان کردەوە، کرێیەکی قورســـم خستە سەر شـــانی خۆم لە پێناو خزمەت کردن بەسینەمای کوردی و پێشخستنی لە کوردســـتان، بۆ ئەمساڵ نیازم وایە هەژدە فیلمی کـــوردی لێ نمایش بکەم کە هەمـــوو فیلمی بەپێز و تازەن ئینجا پاشان فیلمی بیانی وەك فارسی- عەرەبی- هندی بە تازەترین سیستەمی پەخش کردن و پێشکەوتوو.

**بینەری کوردستان دەبنە چەند بەشێک لەسەدا شەستی حەزی لە فیلمی کۆمیدییە لەسەدا سی حەزی لە فیلمی رۆمانسییە لەسەدا دەی حەزی لە فیلمی ئەکشنە**

**بەدرێژایی چەندین ساڵ حکومەتێکی دەوڵەمەندی وەک حکومەتی کوردستان نەیتوانی هۆڵێکی سینەما بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەش کە هەموو لایەک دەزانێ سینەما چەند پێویستە**